# (41)مینساڵیادی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵانو ... هەڵوێستەیەك لەسەری

**عبدالرحمن علی کوردە**

**پێشمەرگەی یەکەم دەستپێکی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان**

2017/5/26

**لە (41)مین ساڵیادی شۆڕشی گوڵان، سەری ڕێزو نەوازش دادەنوێنم بۆ شەهیدەکانمان. پیرۆزباییەکی گەرم دەکەم لە پێشمەرگە قارەمانو خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان. وا ئەمساڵیش، وەك مافێکی ڕەوای حاجی ئۆمەرانیەکان، وەك ڕێزدانانێك بۆ رابردووی خەباتو تێکۆشانی کوردایەتیو پارتایەتی خەڵکی ئەم ناوچەیە لەماوەی زیاتر لە نیو سەدە، بەخۆشحاڵیەوە، یادی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان، وەك دانپێدانانێك، لە شوێنی خۆیدا کرایەوە کە حاجی ئۆمەران بووە. لە مەڵبەندێك، کە پۆلێك لە خەڵکە تێکۆشەرەکەی، وەك چۆن لە قۆناغەکانی تری خەباتو تێکۆشاندا، پێشەنگو شەرەفی ئەوەیان هەبووە کە خاوەن سەروەریو مێژووی پڕشنگداربن، ئەمجارەشیان دووبارە سەلماندیانەوە کە دڵسۆزی خاكو نەتەوەکەیانو کوڕی ڕۆژانی تەنگانەو کارە قورسەکانن. لە شەوی (25/24ی گوڵانی 1976)، پۆلێك لە حاجی ئۆمەرانیەکان هەڵوێست لە حکومەتی بەعس، وەردەگرنو پاڵ دەدەنە شاخو لە یەکەم دەستپێكو یەکەم هەنگاوو یەکەم هەڵوێستی کوردانە، بە خوێنی شەهید سید عبداللەو دوو لە هەڤاڵە بریندارەکانی، لە یەکەم بەرەنگاربوونەوەی سەربازی، لە بەرەبەیانی (26ی گوڵانی 1976)دا، یەکەم نەمامی ئەم شۆڕشەیان بە خوێن ئاوداوەو شەرەفی ئەم دەستپێکەیان پێ‌بەخشراوە. قەندیل بووە بە یەکەم بارەگاو یەکەم چەقی کۆکردنەوەی تێکۆشەران. (41) ساڵ بەر لە ئێستا، حاجی ئۆمەرانیەکان بوون بە پێشەنگ، وەك چۆن لە شۆڕشی ئەیلولیشدا پێشەنگ بوون. ئەوکاتیش، لەژێر ڕێنمایی بارزانی نەمر، پۆلێك لە تێکۆشەرانی ئەم مەڵبەندە بە سەرکردایەتی کوێخا سێمان، لە (نیسانی 1961)دا هەڵیان کوتاوەتەسەر بارەگاکانی حکومەتو دواتر پاڵیانداوەتە بناری چیای کۆدۆی سەربەرزو هەڵوێستیان لە حکومەت وەرگرتووەو یەکەم چەخماخەیان راکێشاوە. لەماوەیەکی کەمدا، پەیتا پەیتا لە زۆرلاوە پەیوەندیان پێوەکراوە. بەدوای ئەودا، حاجی ئۆمەران بە فرۆکە بۆردومان کراوەو هێرشی سەربازی کراوەتەسەرو ماڵ سوتێنراونو خەڵك گیراوەو ڕەوانەی بەندینخانەکانی نوگرەسەلمان کراون. واتە ئەوکاتیش، حاجی ئۆمەران پێشەنگ بووە. ئەمە ڕاستیەکانەو ئەوانەشی کە لە ژیاندا ماونو خاوەن ویژدانن، گەواهی ئەم ڕاستیانە دەدەن. کەچی ئەوەی جیگای داخە، کەسانێك بەهەموو هێزەوە لەچەندین ساڵەی رابردوودا، بە شێوازی جۆراوجۆر، هەوڵی شێواندنی ئەم مێژووەیان داوەو دەیدەن. هەرکەس لە ئاقارێکەوە، خۆی بە پاڵەوانی ئەم ڕووداوە مێژووییە دەزانیو بانگەشەی بۆ دەکات کە دوورە لە هەموو ڕاستیەك. ئەوەی سەیریشە، ئەو پارتەی کە جێگای ئومێدی حاجی ئۆمەرانیەکان بووە، وەك وەفایەك بۆ رابردووی تێکۆشانی بارزانی نەمرو کەسایەتیەکانی بنەماڵەکەیان کە لە ژێر ئاڵایاندا خەباتیان کردووەو ئومێدیان بە بارزانی هەبووە کە سەرکردایەتی شۆڕشەکەیان بکاتو دوودەستی تەسلیم بەوان کراوەو کردوویاننەتەوە بە براگەورە، ئەوە لەکاتێکدا لەوسەردەم زۆربەی خەڵك سەنگەری لێگرتبوون، کەچی ئەمرۆ نەك تەنها مافی ئەم ڕووداوە وەك خۆی نادەن بە خاوەنەکانیانو مەودایان داوەو مێژووەکەیان شێواندووە، بگرە بەشێوازێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، وەك بڵێی ئێمەی خاوەنەکانی، بەشێکی هامشی بین لە بەرنامە دارێژراوەکانو لە گرنگیەکەی کەم دەکەنەوە. بەڵگەش بۆ ئەوە زۆرن. سەیری نووسینو لێدوانو چاوپێکەوتنەکانی تەلەفزیۆنی چەندین ساڵەی رابردووی کەسە دیارەکانی ئەم شۆڕشە بکەن، چۆن خۆیان بە خاوەنی دەستپێك دەزاننو بەرنامەی بێ بنەما دەهۆننەوە. لەلایەکەوە، لە چەندین بۆنەدا، بەناوی ئەم شۆڕشەوە میداڵیا دەبەخشرێ بە کەسانێك (لەگەڵ ڕێزم بۆ خەباتیانو مافی خۆیانە ڕێزیان بگیرێت)، کەچی کەسایەتیەکانی یەکەم چەخماخە وەلادەنرێن. لەلایەکی تریشەوە، هەر پارساڵ بوو دووبارە پەردە لەسەر پەیکەری شەهید سید عبداللە لادرا، کەچی کۆمەڵێك لە خاوەنانی سەرەکی ڕووداوە مێژووییەکە، لە مەراسیمەکەدا ئاگادار ناکرێن بۆ بەشداری کردن کە لەوانەبوو ئەوانیش یەکێك بووبان لەو کەسانەی لە هەمان ڕۆژو هەمان شوێنو لە هەمان ڕووبەڕووبوونەوەدا، شەهید بووبان. ئەوەی جێگای داخیشە، ئەوانەی دارێژەری بەرنامەی کەم کردنەوەن لە هەیبەتی ئەم ڕووداوە مێژووییە وەك خۆی، هەوڵ دەدەن بەسیاسەتی (فرق تسود) مامەڵە لەگەڵ خاوەنانی ڕاستەقینەی ڕووداوەکە بکەن. ئەوانەی کاریگەرنو قسەیان هەیەو ڕۆڵیان هەبووە، نەك تەنها ڕێزیان ناگیرێ، بگرە دوور دەخرێنەوە. ئەمە مامەڵەی پارتیمان لەگەڵ تێکۆشەرەکانی. بە پێچەوانەی حزبەکانی تر کە لە نەبوو قارەمان دادەتاشێ کە زۆر بە درەنگەوە پەیوەندی بە حاجی ئۆمەرانیەکان کردووەو بوونە بە پێشمەرگە. ئەوان ئێستا لە ڕوانگەی حزبەکەیان، قارەمانو پەیکەریان بۆ دروست دەکرێ. کەچی پارتەکەی ئێمەش هەوڵی شێواندنی مێژووی خۆی دەدات. لەدوا ووتەشمدا دەڵێم. داخەکەم، (بارزانی نەمرو کاك ئیدریس) نەماون تا پشتمان بگرن. بەکردەوە بەڵێنەکەیان بەجێ‌بگەیەنن کە لە ڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕشدا لە نووسراوێکدا کە ئاراستەی کەسایەتیەکانی دیاری بنەماڵەی ئێمەیان کردبوو (ئەمەش دەقی ووتەی بارزانی نەمر بووە لە نووسراوەکەیدا..... *ئێوە سەری ئێمەو کوردتان بەرزکردەوە. گەر من لە ژیاندا بمێنم، پەیکەر بۆ یەکە یەکەتان دروست دەکەم)*. ئەمە دۆکیومێنتێکی بەنرخ بوو، بەڵام بەداخەوە بەهۆی زەمەنو مەترسی باروودۆخ، نەتوانراوە پارێزگاری لێ بکرێت. داخەکەم، کەسایەتیە خاوەن شەهامەتەکانیشمان لە ژیاندا نەماوون تا مەیدان بگرنو قبووڵی ئەم غەدرە نەکەن. بۆیە هەقی خۆیانە لەوەش خراپترمان پێبکەنو پیرۆزمان بێت. ئەوەش دووبارە دەکەمەوەو دەڵێم، هیچ کەسێك، لەسەرتاسەری کوردستان لە هەر پلەو پایەك دابێت جگە لە حاجی ئۆمەرانیەکان، کەسی تر خاوەن ئەو دەستپێکەو هەڵگیرسانە نیە لە کوردستان. هەموو بەرنامە هۆنراوەکان دوورن لە ڕاستی. لە هەموو کەسیش باشتر جەنابی سەرۆك بارزانی خۆی ئەم ڕاستیە باش دەزانێو ئاگاداریەتی. داروبەردی کوردستانیش، گەواهی بۆ ئەم ڕاستیە دەدەن. شێواندنی مێژووش، باجی قورسی دەکەوێتەسەرو خەڵکانێك بۆ خۆی دەیقۆزنەوە وەك کردوویانە. پێویستە پارتیش بەخۆیدا بچێتەوە. بوونو کەسایەتی تێکۆشەرە دێرینەکانی لەبەر چاو بگرێو وەفای هەبێ بۆیانو بەهەندیان ئەژمار بکات باشە نەك پشت گوێخستنیان. ئەمە نەکات، غەدرێکە پێش ئەوان، لە مێژوو هەروەهاش لە خودی خۆی دەکات.**

**هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردو کوردستانو سەروەریان بارزانی نەمرو کاکە ئیدریس.**

**هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید سید عبداللە حاجی ئۆمەرانی، یەکەم شەهیدو رەمزی شەهیدانی شۆڕشی گوڵان.**

**هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی خوالێخۆشبوو مام قرنی بادیناوەی پیرانو هاوکارانی، داینەمۆی ژیاندنی پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕش.**